ڕەخنەگری و ئیعتراز لە دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشیدا

نوسینی: محێدین ئەمجەدی

پوختەی وتار

ئەگەرچی سەرەکیترین بابەتەکانی دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی عاشقانە و غەرامی، مەرسیە و شینگێڕی و تەعلیمی لە خۆ دەگرێ، بەڵام جیا لەم بابەتانەی سەرەوە، مامۆستا داواشی سەبارەت بە بابەتی ڕەخنەگری زۆر هەستیار بووە و لەم بوارەدا شیعری زۆری هەیە. لەم لێکۆڵینەوەدا بە شێوازی شیکردنەوەی ڕەخنەیی و هەروەها کتێبخانەیی و تەوسیفی بابەتە جیاوازەکانی ڕەخنەگری لە دیوانی مامۆستا داواشی کەوتوونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەم توێژینەوە نیشاندەدا کە شێوازەکانی ڕەخنگری لە دیوانی مامۆستا داواشی بریتین لە: ڕەخنەگری ڕاستەوخۆ، ڕەخنەگری لە ڕێگای بەیانی ڕەمزی و ئیستعاری و هەروەها ڕەخنەگری لە ڕێگای گاڵتە و تەنزەوە. سەرەکیترین بابەتەکانی ڕەخنەگری لە دیوەانی داواشیدا بریتین لە ڕەخنەی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی . لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا دەرکەوت کە ڕەخنەگری داواشی تەنیا بە مەبەستی دەربڕینی هەست و باسکردن لە خەمەکانی تاکە کەسی خۆی نەگوتراوە بەڵکە بە مەبەستی ڕۆشنگەری و زانیاری بەخشی وچاکسازی کۆمەڵ و تاک هاتوەتە ئاراوە.

وشە سەرەکیەکان: شیعر، ڕەخنەگری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، میرزا ئەحمەد داواشی.

١-دوکتورای زمان و ئەدەبیاتی فارسی،مامۆستای دەبیرستانەکانی شاری ڕوانسەر، ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبی میرزا ئەحمەدی داواشی
٠٠٩٨٩١٨٣٨٧١٢٣٥و m.amjadi1357@gmail.com

چکیده

هرچند مهمترین مضمون در دیوان میرزا احمد داواشی مضامین عاشقانه و لیریک، مرثیه و مضامین تعلیمی است اما جدا از مضامین فوق میرزا احمد داواشی نسبت به مضامین انتقادی بسیار حساس بوده و در این زمینه اشعار بسیاری سروده است. در این تحقیق به شیوه تحلیل انتقادی و همچنین روش کتابخانه‌یی و توصیفی مفاهیم متنوع انتقادی در دیوان میرزا احمد داواشی مورد بررسی و تحلیل قرار گرفته است. این تحقیق نشان می‌دهد که شکل‌های مختلف انتقاد در دیوان میرزا احمد داواشی عبارتند از انتقاد به روش مستقیم، انتقاد از طریق بیان رمزی و استعاری و همچنین بیان انتقاد از طریق مطایبه و طنز. مهمترین موضوعات انتقادی در دیوان میرزا احمد داواشی عبارتند از انتقاد آیینی و دینی، انتقاد اجتماعی و انتقاد سیاسی. در پایان تحقیق مشخص گردید که انتقاد ها و شکایت‌های ماموستا داواشی تنها با هدف بیان احساسات صرف شاعرانه و طرح دردهای شخصی بیان نشده بلکه به منظور روشنگری و دانش افزایی و آگاهی بخشی و اصلاح فرد و جامعه بیان گردیده است.

واژگان کلیدی: شعر، انتقاد، سیاسی، اجتماعی، آیینی، میرزا احمد داواشی.

Criticism and protest in the court of Mirza Ahmad Dawashi

Abstract

Although the most important themes in Diwan Mirza Ahmad Dawashi are romantic and lyrical themes, elegies and educational themes, apart from the above themes, Mirza Ahmad Dawashi is very sensitive to critical themes and has many poems in this fields. In this research, various critical concepts in the court of Mirza Ahmad Dawashi have been examined and analyzed using the method of critical analysis as well as the library and descriptive method. This research shows that the different forms of criticism in the court of Mirza Ahmad Dawashi are: Criticism in a direct way, and criticism through symbolic and metaphorical expression, as well as expression of criticism through jokes and satire. The most important critical topics in Mirza Ahmad Dawashi's court are ritual and religious criticism, social criticism and political criticism. At the end of the research, it was found that the criticisms and complaints of the Mamosta Davashi were not expressed only for the purpose of expressing lonely feelings and personal pains. Rather, they were expressed for the purpose of enlightening and increasing knowledge, raising awareness and reforming the individual and society.

Key words: poetry, criticism, political, social, religious, Mirza Ahmad Dawashi.

١-پێشەکی

وشەی ڕەخنە(انتقاد) لە وشەنامەی (دهخدا)دا بە واتای دەربڕینی نا ڕەزایەتی لە کەسێک یا ڕێکخراوێک دێت، هاوکات لەسەر باسکردنی هەڵەو خەتاکانی.(دهخدا ١٣٢٥-جڵدی ١-ل٤٠٣) بیرۆکەی ڕەخنەگری تا وەکوو ئەمڕۆ گۆڕانێکی زۆری بە سەردا هاتووە و خۆی لە شێوازگەلێکی جۆراوجۆرا خستۆتە بەر چاو. ئەگەرچی بنەماکانی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی یۆنانی باستان، بەڵام پەرەسەندنی واتای ئەمڕۆیی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری.

ئەندێشەی ڕەخنەگری لە واتای مودڕنیدا دەبێ بڕوای بە بوونی شۆڕێن و جێگەیەک بۆ سووژە هەبێت تا بتوانێت سەبارەت بە خۆی و ئەو هەلومەرجەی کە تێیدا دەژی بیر بکاتەوە و داخوازی جێگە و پێگەی شیاوتر و باشتربێت (عالم و یەحیەوی١٣٨٨:٢٣٣). ڕنەوڵک باوەڕی وایە کە ئەدەبیات سەنەد و بەڵگەیەکی کۆمەڵایەتیە کە بۆ توێژینەوە لەسەر مێژوو دەتوانین سوود و کەڵکی لێوەرگرین. ئەو دەڵێ کە بەرهەمە ئەدەبیەکان بەڵگەو و سەنەدی کۆمەڵایەتی و وێنەهایەکی بە نرخن بۆ نیشاندانی ڕاستی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان. بەلای ئەوەوە ئەدەبیات تایبەتمەندیەکانی هەر دەورەیەکی زەمانی تۆمار دەکا(دروستی١٣٨١:٣٢).

هەر بەرهەمێ هونەری، هەڵقوڵاوی کۆمەڵگا و دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی سەردەمی خۆیە. بەرهەمە هونەری و ئەدەبیەکان تەنیا ئەزموونێکی تاکەکەسی نین، بەرهەمە هونەریەکان دەرئەنجامی"لە ڕێگای بە یەک گەیشتنی چەندین هۆکاری سەرەکی جۆراوجۆر پێکدێن" (هاورز١٣٥٥:٣١). کەوابوو بەرهەمی هونەری دەرئەنجامی هەڵسووکەوتی هونەرمەندان لەگەڵ کۆمەڵگادایە و لەو هەمان بەستێندا دەخولقێت. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە لێکۆڵینەوە لە شیعری ڕەخنەگرانەی هەر شاعیرێ دەتوانێ کێشەو چەڵەمەکانی سیاسی و ئابووری و ئایینی ئەو سەردەمە تا ڕادەیەکی زۆر، بخاتە ڕوو و هەر وەها شێوازی جیهانی دڵخواز و چاوەڕوانکراوی ئەو شاعیرە وەدەرخات.

هۆنەران، پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە دوو شێوازی ڕاستەوخۆ یان بەشێوازی ناڕاستەوخۆ " واتە بە زمانی تەمسیل و کینایە دەخەنە بەر باس(مەحموودی نەوسەر١٣٩٨:٨٢). وەک دەزانین دەربڕینی بابەتەکان و لەوانە ڕەخنەکان بە شێوازی ڕاستەوخۆ تا ڕادەیەک ئاستی هونەری و ئەدەبی بەرهەمەکان دادەبەزێنێ و بەرهەمەکان بە ئاسانی دەکەونە ژێر گوشاری دەسەڵات، بەڵام باسکردن لە پرسەکان بە زمانی ناڕاستەوخۆ و بە زمانی تەمسیل و

ڕەمز، هەم دەبێتە هۆکارێک بۆ دەرکەوتنی جوانیەکانی بەیانی هونەری و هەم دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی دەق و خولقێنەری دەق لە گوشار و ئازاری کۆمەڵگا و حکوومەت.

هەر ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و... بە پێی ڕوانگە و ئایدئولۆژی خۆی، گوشار و لەمپەرێک بۆ ئازادی بیر و ئەندێشەی لایەنە فیکریەکانی ئەوانیتر دەخولقێنێ، کە هەر ئەم بابەتە خۆی دەبێتە هۆکارێک کە زمانێکی جیاوز و تایبەت لە لایەن هونەرمەندانەوە بۆ باسکردن لەسەر ئازادی و ڕەخنە و بابەتە قەدەغە کراوەکان بێتە ئاراوە کە دەرئەنجامی پێکدادانی ئەم تز و ئانتیتزە دەبێت بە سەنتزێک کە ئەدەبیات و هونەر تێیدا گەشەدەکات کە لە نموونە بەرچاوەکانی دەیان و بەڵکوو سەدان شاعیری ئەدەبیاتی کوردیە کە شیعریان وەکوو ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا بەکار هێناوە.

١-٢.پرسیارەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە دەیەوێت بەم پرسیارانەی خوارەوە وەڵام بداتەوە.

ئایا میرزا ئەحمەدی داواشی کە زۆرینەی بەرهەمەکانی شیعری غنایی و غەرامین، شیعری ڕەخنەیی هۆنیوەتەوە یان نا؟

جۆرەکانی ڕەخنەگری لە دیوانی مامۆستا داواشی لە سەر چە بابەتگەلێکن؟

ئایا مامۆستا داواشی سەبارەت بە پرسە سەرەکیەکان کێشەکانی کۆمەڵگا وەکوو فەساد و زوڵم و درۆ و ڕیاکاری و زۆر دیاردەی نەشیاوی‌تر هەستیارە بووە یان نا؟ و ئەگەر هەستیارە چ کەسانێک بە بەرپرس دەزانێت؟

ئایا پەیوەندیە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانی داواشی بوونەتە لەمپەرێک بۆ لە بەرچاو نەگرتنی فەساد و زوڵمی ئەم ڕێکخراوانە دەرحەق بە خەڵک یان نا؟

مامۆستا داواشی بۆ دەربڕینی ڕەخنەی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چ شێوەهایەک کەڵکی وەرگرتووە.

١-٣.توێژینەوەکانی پێشوو

مامۆستا داواشی لەو شاعیرانەیە کە لە بەڵاو بوونەوەی شیعری کوردی لە ناوچەی ڕوانسەر و جوانڕۆ و شار و گوندەکانی دەوروبەریدا زۆر کاریگەری هەبووە. ئەم بابەتە بوەتە هۆکارێک کە لە لایەن کۆمەڵگاوە ڕێز و حورمەتێکی تایبەتی هەبێت. لە سەر دەمی ژیانیدا لە لایەن لایەنگرانیەوە لە شاری کرماشان کۆڕێک بۆ ڕێزلێنان لەو

شاعیره بەڕێوەچووە، هەروەها لە ساڵی ١٣٩٧هەتاوی لە شاری ڕوانسەر کۆنفرانسی لێکۆڵینەوەی بیر و بەرهەمەکانی ئەو شاعیرە لە لایەن دائیرەی فەرهەنگ و ئیرشاد و ئەنجومەنی ئەدەبی میرزا ئەحمەدی داواشی ڕوانسەر، بە بەشداری نووسەران و شاعیران و ئەدەب دۆستانی پارێزگاکانی کرماشان و کوردستان بەڕێوە چوو کە بەرهەمی ئەو کۆنفرانسە چاپ و بەڵاوبوونەوەی دەیان وتاری زانستی-لێکۆڵینەوەیی لە سەر بیر و بەرهەمەکانی مامۆستا داواشی بوو. لە نێوان ئەم وتارانەدا دەتوانین ئاماژە بکەینە وتارە زانستیەکانی خوارەوە: "لێکۆڵینەوەیەک لە سەر رۆمانتیسم لە شیعرەکانی داواشیدا"، لە لایەن عەتا ئەڵماسی. "دووبارە خویندنەوەی هۆنراوەی مێژوویی شەڕی هەڵاڵە زەرد"، لە لایەن د. ئارەش ئەمین پوور. "لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ژێرخانی شانۆگەری لە فابلەکانی داواشیدا" بە قەڵەمی ئارتان فەتحوللاهی. وتاری "ئەندێشەکانی خەیامی لە شیعری داواشی" بەرهەمی د. موحەمەد ئەمین مروەتی. "لێکۆڵینەوەیەک لە سەر فابلەکانی داواشی و ژان دۆلافونتن" لە لایەن د. محێدین ئەمجەدی. "داواشی دواین وێستگەی شیعری گۆرانی" نوسینی فەرەیدوون میرئەحمەدی. " کاریگەری شاعیرانی هەورامی لە سەر داواشی" لە لایەن موحەمەد ڕەشید ئەمینی". تۆێژینەوەی بنەماکانی ئینساناسی لە شیعرەکانی داواشیدا" بەرهەمی موعتەسەم حوسەینی." تۆێژینەوەیەکی بەراوردی لە نێوان نێو-دەنگەکان (نام آوا) لە شیعری داواشی و شێرکۆ بێکەسدا" وتاری عەزیز ساسڵی. "تۆێژینەوەیەک لە سەر بەینامەتنی قورئانی لە شیعری داواشی"، وتاری د. جەمال سولەیمانی. "ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی ئایینی لە بەرهەمەکانی داواشیدا" لە نوسینی د. ڕووناک سەمەدی. "یادی مەرگ لە بەرهەمەکانی داواشیدا" وتاری خاتوو مونیرە نەسری. هەروەها د. موحەمەد ساڵەح مروەتی وتاری "ئاوڕێک لە ڕەنگدانەوەی دین و عیرفان لە بەرهەمەکانی داواشی" و هەر وەها وتاری "ئەخلاق لە شیعرەکانی داواشیدا" لە لایەن خاتوو مەهینی تیرانی لە هەمان کونفرانس پێشکەش کرا.

جگە لەم وتارانەی سەرەوە، خوالێخۆشبوو وەلی فەتاحی بابەتی "شوێنەوار و هێماکانی ناوچەیی لە شیعرەکانی داواشی" نوسیوە. موکەڕەم غەفاری "عیرفانی لە دیوانی داواشی"باس کردووە. فەرامین سەیدی و خاتوو بەیان ڕەمەزانی "شێوازی مەعشوق لە شیعری دڵداری داواشی"یان باس کردووە. شا حوسەین سەعیدیش وتارێکی بە نێوی " کاریگەری سروشتی لە سەر تۆخمەکانی خەیاڵ" لە بەرهەمەکانی داواشی نووسیوە. ئەم وتارانەی سەرەوە هەمویان لە کۆنفرانسی لێکۆڵینەوەی بیر و بەرهەمەکانی داواشی پێشکەشکرا کە لە کتێبی"کۆی گشتی وتارەکانی میرزا ئەحمەد داواشی" لە ٣٥٦ لاپەڕەدا لە چاپ دراوە (ئەمجەدی و ئەلماسی،١٣٩٧).

جیا لەم وتارانەای سەرەوە دەبێ لە وتاری د. جەمال سولەیمانی و مەسعود عەبدوڵڵاهی لە ژێر ناوی "تۆێژینەوەی بەراوردی مەدایحی نەبەوی میرزا ئەحمەد داواشی و (نهج البرده)ی احمد شوقی"کە لە کۆنفرانسی

نێودەوڵەتی گورجستان پێشکەشکراوە ناوببەین. هەروەها وتاری" توێژینەوەی ساختاری چیرۆکی مووسا و سەنگ تراشی میرزا ئەحمەد داواشی" بەرهەمی د. شەرافەت کەریمی و د. جەمیل جەعفەری لە مامۆستایانی زانکۆی کوردستان شیاوی ئاماژەیە.

٢-میرزا ئەحمەدی داواشی ژیان و بیر و بەرهەمەکانی

میرزا ئەحمەدی داواشی لە ساڵی ١٢٨٤ کۆچی هەتاوی لە شاری ڕوانسەر لە دایک بووە. داواشی خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارە دەسپێکرد و پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن، ڕووی کردە گوندی "تەم تەم" ی سەر بە شاری ڕوانسەر و لە خزمەتی "مەلا حەسەنی جوانڕۆیی"دا زانستە سەرەتایەکانی ئەو سەردەمەی خوێند. داواشی تا تەمەنی نۆزدە ساڵی سەرقاڵی خویندن بوو، بەڵام بە پێی شڵەژانی بارودۆخی ناوچە و سەرهەڵدانی شۆڕشی"عەباس خانی ئەردەڵان" ناسراو بە "سەردار ڕەشید" کە لە ڕوانسەر و بە پاڵپشتی هۆزو عەشیرەتەکانی دەوروبەر دژی سپای ڕووس و پاشان دەسەڵاتی پەهلەوی ئەوەڵ هاتە ئاراوە، دەرس و خوێندنی بەجێ هێشت و چووە ڕیزی هاوڕێیانی سەردار ڕەشیدەوە.

میرزا ئەحمەدی داواشی لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا یەکێک لە هاوڕێیانی زۆر نزیکی سەردار ڕەشید بوو و شارەزایەکی تەواوی بە نهێنی و وردەکاریەکانی ئەو شۆڕشە هەبوو، ئەم ڕووداوەی لە هۆنراوەیەکی مێژوویی بە نێوی "شەڕی هەڵاڵە زەرد"، بە شیعری کوردی و بە شێوازی گۆرانی هۆنیوەتەوە کە لە بواری مێژووی ناوچەکەدا سەرچاوەیێکی زۆر بەقیمەتە. میرزا ئەحمەد لەو شیعرەدا بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی سەردەمی خۆی زۆر بە وردی باسکردووە. مامۆستا داواشی هەر وەها بابەتەکانی قاتوقڕی و برسیەتی دوادوایەکانی حکومەتی قاجارەکان، هاتنە سەر دەوری پالەوی ئەوەڵ، شۆڕشی سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان دژ بە حکوومەتی ڕەزا شای پەهلەوی، شەڕ و ناکۆکی نێوان سەرۆک عەشایەری ناوچە، باسی بە دیل گرتنی سەرۆک عەشیرەتەکان، باسی سەفەری سەردار ڕەشید بۆ عێراق و دیداری لەگەڵ مەلیک مەحموود بەرزەنجی و چۆنیەتی گەڕانەوەی سەردار بۆ ئێران و پاشان چەندین جار گرتن و دووبارە ڕزگار بوونی سەردار ڕەشیدی لەو هۆنراوەدا خستۆتە بەر باس.

داواشی لە هەمان کاتا کە شاعیرێکە بە تایبەتمەندی شیعری ڕۆمانسی و بەرهەمەکانی پڕن لە ناوەرۆکی شیعری ڕۆمانسی وەکوو ئەوین، دەربڕینی هەست و ئیحساس، سروشت خوازی و قارەمان پەروەری، شاعیرێکی ڕئالیستە و لە زۆر بابەتی واقیعی ئاوڕی داوەتەوە. مامۆستا داواشی بیر و ئەندێشەی خۆی لە چوارچێوەی شیعری بڕگەیی کوردی و بە شێوازی گۆرانی هۆنیوەتەوە. کاملترین دیوانی شیعری داواشی لە ساڵی ١٣٨٩کۆچی هەتاوی لە

لایەن حوسەینی موحەمەدی، کوڕی شاعیر و حەبیب کەریمی(کچە زای شاعیر) لە سەنتەری نەشری ئیحسان لەچاپدراوە.

لە بەرهەمە شیعریە بەناوبانگەکانی مامۆستا داواشی دەتوانین ئاماژە بکەینە دوو چیرۆکە شیعری تەمسیلی (حەجی ڕێوی) و (تەوبەی گورگ). داواشی لەم چیرۆکانەدا کە لە زمانی ئاژەڵەکانەوە دواوە و ڕەخنە و ناڕەزایەتی خۆی بە نیسبەت ڕیاکاری و فەسادی کۆمەڵگا و ساویلکەیی خەڵکی سەردەمی خۆی دەربڕیوە. دەکرێت ئەم بەرهەمانە بە پێی ناوەرۆک و بابەتەوە لەگەڵ "کلیلە و دەمنە" و "مەرزەبانانامە" لە ئەدەبی فارسی و چیرۆکەکانی ژان دۆ لافۆنتنی فەرانسەویدا بەراورد بکرێت (ئەمجەدی۱۳۹۷:۲۹). شیعری "بەسەرهاتی قەڵای ڕووخاو" یەکێکی‌تر لە شیعرە بەرزەکانی مامۆستا داواشیە کە دوکتور موحەمەدعەلی سولتانی، کاریگەری ئەدەبی ئازەربایجانی لە سەر ئەم شیعرە باس کردوە و دەڵێت کەش و هەوای ئەم شیعرە زۆر بە شیعری(هان ای دل عبرت بین از دیده عبر کن هان / ایوان مداین را آیینه عبرت دان) کە لە خاقانیە نزیکە. لە بەرهەمەکانی‌تری مامۆستا داواشی شیعری بەرزە چنار، سیاپۆشەکەم، ئامۆژگاری، مەرگی شاهین و موسا و سەنگتراش ... شایانی ئاماژەیە.

میرزا ئەحمەدی داواشی ژیانی خۆی بۆ پەرەپێدان و بەڵاوبوونەوەی زمان و وێژەی کۆردی تەرخان کردبوو و بەردەوام لە شارێک بۆ شارێک و لەگوندێک بۆگوندێک لە سەفەردابووە. بەرهەمی ئەم هەموو سەفەر و گەڕیان و سەیرانە دووروودرێژەی میرزا ئەحمەد بە دەس هێنانی زانیاریەکی هەرە قوڵ لە جوگرافیای ناوچە و گوندە جیا جیاکانی هەورامان و کوردستان و کرماشان بە تایبەت ناوچەی ڕوانسەر و جوانڕۆ و پاوە بووە. ئەم زانیاریە کەنێوی شاخ و دۆڵ و سەراو و کانی و چەم و ڕۆبار و خێڵ و عەشیرەت وکەسایەتیەکان لە خۆ دەگرێ لە دیوانەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە و دەتوانێ بۆ لێکۆڵەرانی بەرەی نوێ زۆر سوودمەند بێت.

هەروەها دەبێ ئاوڕێک لەم خاڵەش بدەینەوە کە میرزا ئەحمەدی داواشی زۆر خوەش مەشرەب و خوش هاڵوهەواڵ و هاوڕێدار بووە. ئەو شاعیرە هەم زۆر تێکەڵاوی خەڵک بووە و هەم لەگەڵ زۆرێک لە مامۆستایان و مەشایەخ و پیاو ماقوڵان و شاعیرانی کوردەواری دۆستی و هەڵسووکەوتی هەبووە کە ئەگەر بمانەوێ تەنیا نێوی چەن کەس لێرە بێنین دەتوانین ئاماژە بکەینە نێوی "سەید تاهیری هاشمی"، "مەلا محێدینی سالحی"، "سەید یەعقووبی ماهیدەشتی" ، "شێخ موحەمەد سەعیدی نەقشبەندی" و مامۆستا تەوفیقی مەحموودی و دوکتور موحەمەد عەلی سولتانی و زۆر کەسایەتی ناوداری‌تر. پەیوەندیە ئەدەبیەکانی مامۆستا داواشی و ئەم کەسایەتیە ئەدەبی و ئایینی و فەرهەنگیانە بۆخۆی بووەتە هۆکاری پەرەسەندنی ئیخوانیاتی مەنزووم لە ئەدەبی ناوچەکەدا.

میرزا ئەحمەدی داواشی لە دوای تەمەنێک زەحمەت و تێکۆشان بۆ پەرەپێدان بە هونەر و شیعر و ئەدەبی کوردی لە ئاکامدا لە ساڵی ١٣٥٩کۆچی هەتاوی دوای ماوەیەک نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و تەرمی پیرۆزی لە قەبرستانی "وەیس القرن" نزیک بە بارەگای حەزرەتی وەیسولقەرنی بە خاک سپێردرا .

٣-دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی شاعیر و کاریگەری لە سەر شێوازی دەربڕینی ڕەخنە

ئەگەر بمانەوێ ئاوڕێک لە هەلوومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی مامۆستا داواشی بدەین، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ژیان و بەرهەمە ئەدەبیەکانی مامۆستا داواشی هاوکاتە لەگەڵ دەورەی پەهلەوی ئەوەڵ و دووهەم. لەو سەردەمەدا گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەر سەر خەڵک زۆر بوو. لە دەورەی پەهلەوی ئەوڵ کارەساتی "دیل" ڕوویدا. "دیل" بریتی بوو لە پیلانێکی تۆقێنەر کە لەلایەن حکوومەتی پەهڵەوی یەکەمەوە داڕێژرا و دەرئەنجامی ئەوە بوو کە زۆرێک لە خەوانین و گەورە پیاوان و سەرۆک عەشیرەکانی ناوچە بۆ ماوەی نزیک بە دە ساڵ(١٣١٠ تا ١٣٢٠کۆچی هەتاوی) کەوتنە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری زیندانەکانی پەهلەوی.

گوشار و دۆخی نەگونجاوی سەردەمی ڕەزا شا هەر بە تەنیا تایبەت بە خەڵکی کوردستان و سەرۆک خێڵەکان نەبوو، بەڵکە هەموو ئێرانی لەبەرگرتبوو. یەک لەو گوشارانە، دۆخی نالەبار و نەگونجاوی شاعیرانی ئەو سەردەمە بوو، کە لەوانە هەڵاتنی لاهووتی کرماشانی بو ئیتحادی سۆڤیەت و کوشتنی فەڕوخی یەزدی لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەزا شاهیدا بوو. ئەم گوشار و کێشە لە سەردەمی پەهلەوی دووهەمدا درێژەی هەبوو و لە دوای ڕووداوەکانی ٢٨ی موردادی ١٣٣٢ی کۆچی هەتاوی بە شێوازێکی زۆر بەرچاوتر وەدەرکەوت. دەرئەنجامی ئەم گوشارە سیاسی و فەرهەنگیانە ئەوە بوو کە زۆرێک لە شاعیرانی ئەو سەردەمە وەکوو مەهدی ئەخەوان سالیس ، مەحموودی دەوڵەت ئابادی، غوڵامحوسەینی ساعدی، ئەحمەد شاملوو و دەیان شاعیریتر لە گرتووخانەکانی پەهلەویدا دەسبەسەر کران. ئەم نموونە پێشاندەدا کە شاعیران و نوسەران و بیرمەندان لەو سەردەمەدا بۆ دەربڕینی بیر و ئەندێشەی خۆیان، لە چ دۆخێکی نەگونجاو و نەشیاودا دەژیان.

شایانی ئاماژەیە کە جیا لە دۆخی سیاسی نالەبار و گوشاری حکوومەتی پەهلەوی، دۆخی ناوچەش بە بۆنەی بیری کۆرتی خێڵەکی و بەرژەوەندیە بەرتەسکەکان و ڕەکابەری ناوچەیی بێقیمەتی خان و بەگ و بەگلەر و سەرۆک عەشایەر، تووشی ئاژاوە و شڵەژانێکی تۆقێنەربوو کە زۆر بە عەستەم مەجالی بە سەرهەڵدانی بیر و بەرهەمێکی فیکری و ڕەخنە و چاکخوازی دەدا.

لەو سەردەمەدا جگە لەوەی کە هەر ناوچەیەک بۆ بەرژەوەندی خان و بەگ و بەگلەرێک لە یەک دابڕابوون، دابڕان و ئیختلافێکی تریشان وبەر کەوتبوو، ئەویش ئەوە بوو کە بڕێک لە خەڵک و بەعزێک لە گەورەکانی دوو ڕێبازی ئایینی نەقشبەندیە و قادریە لە باتی ئەوەی کە بۆ بەرژەوەندی ڕاستەقینەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی تێبکۆشن، تووشی ئاژاوە و دابڕان ببوون. هەر ڕێبازێک بە دەیان لقی گەورە و گچکە دابەشکرابوو و خەڵک تووشی سەرلێشێوان و ئیختلاف بوون. لە ئاوەها هەل و مەرجێکا، شاعیران و بیرمەندان زۆر جار بۆ پاراستنی خۆیان و دوور کەوتنەوە لە گوشار و گێچەڵ، لە دەربڕینی ڕۆشن و ڕاستەوخۆی ئەندێشە پارێزیان دەکرد و بە شێوازی ناڕاستەوخو هەست و بیر و ئەندێشەی خۆیان دەردەبڕی. لە باروودۆخێکی ئاوەهادا میرزا ئەحمەدی داواشی لە دوو چیرۆکە شیعری تەمسیلی(فابل) بە ناوی(تەوبەی گورگ) و (حەجی ڕێوی) کە بە هەردووکیانەوە ١٨٦بەیت شیعر لەخۆ دەگرن، نا ڕاستەوخۆ و لە زمانی ئاژەڵ و باڵندەکان و بە شیوازێکی ڕەمزی دژ بە ڕیاکاری و درۆ و چەوسانەوەی خەڵک و نەزانین و ساویلکەیی و زۆر بابەتی‌تر ڕاوەستا.

"چیرۆکە تەمسیلیەکان (فابل) سوورن لە سەر دەربڕینی واتای ئەخلاقی و مەعنەوی" (موەدرسی١٣٩٠:٣٧٢) ئەم چیرۆکانە لەبەر ئەوەی ناوەرۆکێکی ڕەخنەگرانەیان لە سەر فەساد و زوڵم و ڕیاکاری و درۆ و ... هەیە، بۆ ئەوەی لە لایەن بەردەنگەوە پەسەن بکرێن، بە شێوازێکی سەرگەرمکەرانە و ناڕاستەوخۆ لە کرداڕە لار و نەشیاوەکانی کۆمەڵگا دەدون (هیلال غەنیمی،١٣٧٣:٩٧).

بەو هۆیە کە لە چیرۆکە شیعریە تەمسیلیەکاندا، ئامۆژگاری و نەسیحەتەکان بە شێوازی نارەستەوخۆ و لەزمانی ئاژەڵەکانەوە باسدەکرێن، بەردەنگ هەست بە ئامۆژگاری و ڕەخنەی وشک و ڕەقی پڕ لە ئازار ناکات و هەر ئەمەش دەبێت بە هۆکارێک بۆ جۆرێک تێگەیشتنی ڕەزایەتمەندانە لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە. ئەم چیرۆکانە بە شێوازی تایبەتی گێڕانەوەی خۆیان هەم دەبنە ئامرازێک بۆ سەرگەرمی منداڵان و میرمنداڵان و بەرەی نوێ، هەم ڕێگایەکن بۆ دەربڕینی واتا شاراوەکان. ئەمەیە کە مەولانای ڕۆمی دەڵێ چیرۆک وەک دەفرێکە و واتاکان وەکوو ناوکە و دانە و تۆن، پیاوی ژیر کاتێک کە دەفری ناوکە و دانە و تۆ دەگەڕێنن ئەوانە وەر دەگرێ و گرینگی و بایەخی زۆر بە دەفر و زەفەکە نادا.

ای برادر قصه چون پیمانه است　　معنی اندر وی، مثال دانه است

دانه معنی بگیرد مرد عقل　　ننگرد پیمانه را چون گشت نقل

(مثنوی معنوی١٣٧٩:١٦٤)

ئەم شیعر پێشان دەدا، کە لە پشتی هەر چیرۆکێکی تەمسیلی دەبێ بە شوێنی واتای دووهەمدا بگەڕێین. و ئەم چیرۆکانە هەر لە بنەمادا بۆ فێرکردنی خاڵێکی ئەخلاقی و ڕەوشتی، یان سیاسی و کۆمەڵایەتی داڕێژراون. مامۆستا داواشی هەروەها لە شیعری مەرگێ شاهێندا کە ئەزموونێکی تاکەکەسی ژیانی خۆیە دوای گێڕانەوەی چێرۆکی ڕاستەوخۆی شاهێن، کەسایەتی شاهێن بە شێوازێکی ڕەمزی ئەکات بە بەسەرهات و ئاکامی هەموو زاڵمانی دونیا.

ئەگەرچی دەربڕینی هەست و بیر بە شیوازی ناڕاستەوخۆ و کەڵک وەرگرتن لە زمانی مەجاز و ئیستیعارە زۆر جار جوانیەکانی شیعر باشتر وەدەردەخات و واتاکان لە لایەن بەردەنگەوە باشتر قەبووڵ دەکرێت، بەڵام دیارە مامۆستا داواشی هەمیشە ئەمەی ڕەچاو نەکردووە و لە دوو شیعری "بێچارە دێقان" (دیوانی داواشی، ل٩٥) و شیعری "وە تەڵەی کەڵەک" (دیوانی داواشی، ل١٤٨) و زۆر جاریش لە شەڕنامەی هەڵاڵە زەردا بە زمانی ڕاستەوخۆ قسەی دڵی خۆی کردووە و ناڕەزایەتی خۆی بە زمانێکی ڕاستەوخۆ دەربڕیوە. ئاستی شیعری ئەم نموونانە بە بەراورد لەگەڵ شیعرەکانی دیکەی مامۆستا داواشیدا کەمتر و نزمترە.

مامۆستا داواشی جیا لە دەربڕینی ڕەخنەکانی خۆی بەو شێوازانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، لە شیعری "قوماربازە"(دیوانی داواشی، ل١٤٩) و شیعری "حاجیبەتاڵە" (دیوانی داواشی، ل١٥٢) و شیعری "ئاغەی ماڵوێران"(دیوانی داواشی، ل١٨٠) بە شێوازی هەجو و هەزل شکایەت و ڕەخنەی خۆی دەربڕیوە. ئەو شیعرانە کە بە شێوازی هەزل و هەجو نوسراون، لە باری شیعریەوە جیاوازیەکی بەرچاویان لەگەڵ شیعرە ڕەخنەیەکانی تریدا هەیە، بۆ نموونە ئەم شیعرانە زۆر بە زمانی خەڵکەوە نزیکن و دەستەواژەی فولکلۆر و قسە و نەستەقی خۆماڵیانەی زۆری تێدا بە دیدەکرێ.

شایانی باسە ئەگەر بمانەوێ لەسەر ڕەخنەگری لە دیوانی مامۆستا داواشیدا بە گشتی بدوێین، ڕەخنەکانی مامۆستا داواشی بابەتێکی عەینین و لە بیرۆکەی ڕۆمانتیک و خەیاڵاوی زۆر دوورن. حەول و تەقاڵای مامۆستا داواشی بۆ ڕزگار بوون لە دۆخی ئێستا بۆ دۆخی چاوەڕوانکراو، ڕەخنەیەکی ڕئال و پرسەکانی دونیای واقیع لە خۆدەگرێ.

٤-ڕەخنەی ئایینی لە دیوانی مامۆستا داواشی

ڕەخنەی ئایینی یەکێک لە گرینگترین و بەرچاوترین جۆرەکانی ڕەخنە لە دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشیدایە. بە کارهێنانی مەزهەب و ئایین و دەستەواژەکانی ئایینی و تەریقەتی وەکوو نوێژ، ڕۆژوو، سۆفی، دەروێش، پیر و شێخ وەکوو ئامرازێک بۆ بەدەسهێنانی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کۆکردنەوی سەروەت و سامان شتێک نەبووە کە نیگای تێژبین و وردی میرزا ئەحمەدی داواشی نەبینێت. چەوساندنەوەی ژنان و پیاوانی سادە وساکار بە کەڵک وەرگرتن لە وشە ئایینیە پیرۆزەکان بە مەبەستی سوود و بەرژەوەندی کەسی دەبێتە هۆکارێک کە میرزا ئەحمەدی داواشی لە دوو چیرۆکە شیعری تەمسیلی(فابل) بە ناوی(تەوبەی گورگ) و (حەجی ڕێوی) کە بە هەردووکیانەوە ١٨٦شیعر لەخۆ دەگرن، ڕێ لەم ڕەوتە بگرێت و بە شیوازێکی ڕەمزی دژ بەم کردارە قیزەونە ڕابوەستێت.

پەیوەندی نزیکی مامۆستا داواشی بە هەردوو ڕێبازی قادریە و نەقشبەندیە بووەتە هۆکارێک کە لە نزیکەوە ئاگاداری زۆرێک لە هەڵسووکەوتە نەشیاوەکانی بڕێک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە ئایینیانە ببێت و هاوکات لەگەڵ پەیوەندی و دۆستی لەگەڵ زۆرینەی مەشایخی نەقشبەندیە و قادرییەی ناوچەی ڕوانسەر و جوانڕو و هەورامان، لۆمە و سەرزەنشی ئەو کردارانە بکات و لە کۆڕی سۆفی و دەروێش و مەشایخی ناوچەدا بۆیانی بخوێنێتەوە. نامەیەک لە لایەن مەلا سەیدجەباری فەرەجی و مەلا بورهان باباخانی و مەلا فەتحوڵڵا پەرتەوی بۆ حوسەینی موحەمەدی داواشی نووسراوە کە ئیشارە بە ئەم بابەتەدەکا کە میرزا ئەحمەدی داواشی نە یەک جار، بەڵکوو چەنها جار لە سەردانەکانی بۆ گوندی مراوای ڕوانسەر لە کۆڕی فەقێکانی شێخ موحەمەد سەعیدی نەقشبەندی، هەردوو چیرۆکی "تەوبەی گورگ" و "حەجی ڕێوی" خوێندۆتەوە و لە لایەن هەموانەوە جێگای پەسەند و ڕەزایەت بووە. (ئەگرچی دەقی ئەم نامە لە لایەن مامۆستایانی ناوبراو وەکو بەڵگەیەک نوسراوە کە ئیسبات دەکا هەردوو چیرۆکی تەوبەی گورگ و حەجی ڕێوی شیعری مامۆستا میرزا ئەحمەدی داواشین و بە هەڵە کەوتوونەتە نێو دیوانی شاعیرانی تری ناوچەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا نیشاندەری ڕەواج و پەسەندی ئەم شیعرانەیە لە تەکیە و خانەقا و مەکتەبخانەکانی ئەو سەردەمەدایە.)

٤-١.چیرۆکی تەوبەی گورگ

چیرۆکی تەوبەی گورگ چیرۆکێکی ڕەمزیە کە لەوێدا گورگێکی پیر و بەسالاچوو دوای سالەها ڕاو و شکار و لەدەسدانی هێز و وزەی جاران، بە تەجرەبە و ئەزموونی سالەها ڕاو و فێڵبازی، چارەیەک بۆ ڕاوکردنی مێ و بزنە ساویلکە و هەژارەکان دەدۆزێتەوە. گورگ بۆ فریودانیان لە قاپی ئەشکەوتێکا بۆی ڕادەکشێ و بە گریان و پاڕانەوەی

به کوڵ و جۆش، له دەرگای خودای پەروەردگار داوای بەخشش و لێبووردن دەکات و بڵێن دەدات لە کردەوەی پێشوی تەوبەکارە و چیدی بەشوێنی ئازاری ئاژەڵان ناکەوێت. بڕیار دەدات کە ببێتە خزم و خوێشی مەڕ و بزن و ساڵەها وەکوو شوان سەرپەرەشتی و چاودێری و حیمایەتیان لێبکات.

گورگێ جە تەقدیر جەفای ڕۆژگار — لە گەردش چەرخ چەپی چەپ ڕەفتار

چەفت و چێڵ و چەق وا قرخۆڵ بووو — لە برسیا کەفتگ خاس گەڕۆڵ بووو

تەوانا و تاقەت نەماوو لە لای — زەوی نەی ئەگرت بۆ ڕێوەڕوون پای

گەڵو داکەفتوو سوورەت لۆچ و پۆچ — هەر وەک کەیوانۆی کۆنەی دوا کۆچ

وە هەر فەلاکەت گەیی و غارێ — غارێ ناهامار تا نادیارێ

کەفت لە قاپی غار، ئەی نالّاند لە دەرد — ئەیوت تۆبەوێ تاک تەنیای فەرد

شەرت وێ تا لە دەور دونیا بمێنم — هەر ڕۆژ ڕۆژوو وم شەو نوێژ بخوێنم

عومرم سەرف بکەم بە زوهد و بە وەرع — زەڕە لا نەدەم لە سەر ڕێگای شەرع

بۆ هەر بێگانە لە خوێش خوێشتروم — دی گورگی نەکەم لە مێش مێشتروم

مێ و بزن ئەر پا بنێنە چاوم — خوا ئاگای لێوێ لێیان لێڵ ناوم

عومرێکم ماوێ لەی دنیای فانی — شەرت بێ سەرفی کەم لە ڕێگەی شوانی

ئەشێ خۆم حەفت ساڵ کەڕەک پۆش بکەم — غولّامی مێ پەڕ بزنەپۆش بکەم

(دیوانی داواشی، ل۷۰)

گورگ لە قاپی ئەشکەوتەکەدا دەس دەکا بە گریان و سکالّا و لووڕە، بە چەشنێ کە مێ و بزنێکی لە ڕان جێماو گوێیان بە دەنگی هاوار و گریانی گورگ دەبێ و دەڕونە لای، لەوێدا گورگ لە شێوازی عابد و تەوبەکارێکی ڕاستەقینە دەبینن و لە بەردەستیدا تەوبە دەکەن. یەکیان دەبێ بە سۆفی و ئەویتریان دەبێ بە دەرویش. بەڵام هەر

بەمەش ڕازی نابن و دەڕون مێ و بزن و کار و بەرخێکی زۆر کۆدەکەنەوەو و دەڕونە خزمەتی "گورگە شێخ" تا وەکوو موراید لە خزمەتیدا بن.

وتیان السلام عابدی عالی　　فەرمایشت چەس بمانکە حاڵی

وتی بووگمە شێخ، بۆ ڕێی هەدایەت　　بۆ سۆفی و دەرۆیش گرتن بێ غایەت

زەحمەت بکێشن بچن ئیرشاد کەن　　هەر یەک چەن موراید، سادق و یاد کەن

بەچکەکانیشتان بنێرنە لای خوەم　　لە خوەتان خاستر، خزمەتیان ئەکەم

بزن بوە دەرۆیش، لەرزی و قاڕانی　　مێ بووە سۆفی، فەوری باڕانی

هۆز و هۆز ئەچون و دڵەی بریان　　و دەم قاڕەوە و چاوی گریان

وتیان بێن بچین عەشرەت بێ درێخ　　خوا شوکر گوەرگی بۆمان کردگە شێخ

(هەمان سەرچاوە، ل٧٠)

مێ و بزن و کار و بەرخێکی زۆر دەڕۆنە خزمەتی گورگ. گورگیش خەیرهاتنیان دەکا و لە ئەشکەوتێکا هەمویان کۆ دەکاتەوە، خۆی لەقاپی ئەشکەوتا درگایان لێدەبەستێ، دوای ماوەیەک فێڵ و تەڵەکەیەکیتر ساز دەکا و ڕووبان تێدەکا و دەڵێ:

وتی نە بێهۆش نە مەستی مەیم　　ئێستە و حوزوور با پیرەم گەیم

وا تێمی خوڕی ترسیام لە ئەو　　تاقەتم نەگرت ڕاشنیام لە خەو

وتی پێم تۆ کەی مەوقەی تەوبەتە　　فرسەتە کوێر وی ، هەڵسە نەوبەتە

تەوبەی گورگ مەرگ، بووگەو مردگە　　مەگەر تۆ حیزی تەوبەت کردگە

ئەگەر و قەوڵ جەدەم ئەمجارە　　نەکەم کوێر ئەبم، بێ کەس لەم غارە

بەکامیان ڕازین، پێم بێژن کوڕم　　بتان خنکێنم یا بتان درم

حەتمیە ئەمڕۆس، ڕۆژ مەرگتان　　قسمەتی منە سیەو جەرگتان

(هەمان سەرچاوە، ل٧٠)

مامۆستا داواشی لەم شیعرەدا بە شێوازێکی ڕەمزی، دوور لە پیاوچاکان و خواناسانی تەریقەت، ڕەخنەی خۆی بەرامبەر بە ئەو گورگەشێخانە دەردەبڕی کە بەشێوازێکی فێڵبازانە بە ناوی ئایین و تەریقەتەوە بە خەڵک گەورەیی دەفرۆشن و دەبن بە هۆکارێک بۆ بندەستی و ژێردەستی و ڕووتاندنەوەی خەڵکی داماو. مامۆستا داواشی لەم چیرۆکەدا هەم ساویلکەیی و نەزانی بڕێک خەڵک دەردەخا ڕوو و هەم حرس و تەماحی بڕێک لە بەناو گەورەکانی تەریقەتی کاتی خۆی سەرزەنشت دەکا. .

خاڵی جێی ئاماژە لە سەر شیعری تەوبەی گورگ، کە سەراسەر ڕەخنە و لۆمە و شکایەت لە تەریقەت و تەسەوفە، ئەمەیە کە هەرچەند مامۆستا داواشی پێوەندی زۆر نزیکی لە گەڵ دوو تەریقەتی قادرییە و نەقشبەندی سەردەمی خۆی هەبووە بەڵام چاوی لە حاندی هەڵە و کێشە و خەتاکانیان دانەخستووە و وەک ویژدانێکی بێدار زانیاری دەبەخشێ بە کۆمەڵگا و مەشایخی ڕاستەقینەی تەریقەت دڵسۆزانی خۆنەویستی ئەو ڕێبازە، بە ئاگا دێنێتەوە و هێندە بە ئەدب و نەزاکەتەوە ئیعتراز و ڕەخنەی خۆی پێشکەش دەکات کە هەردوو ڕێبازی تەریقەتی ناوچە بە حورمەتەوە شیعرەکەی لێ قەبوول دەکەن و خۆیان دەبن بە بنکەیێ بۆ بەڵاو بوونەوەی ئەو شیعرانە.

٤-٢.چیرۆکی حەجی ڕێوی

چیرۆکی "حەجی ڕێوی" یەکێکی‌تر لە چیرۆکەکانی مامۆستا داواشیە کە بەرامبەر بە ڕیاکاری و درۆ و فێڵبازی و ساویلکەیی خەڵک ڕاوەستاوە. ئەگەر چیرۆکی "تەوبەی گورگ" ڕەخنە لە تەریقەتە، چیرۆکی "حەجی ڕێوی" ڕەخنە لە ئەو بڕە حاجیە خۆ نەپارێزانەیە کە بە ناوی دین و زیارەتی بەیت و منا و عەرەفات و ڕەوزەی ڕەسوڵ (ص) بوونەتە مایەی فەساد و بە فێڵبازی و کەڵک وەرگرتن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام سوود و سەروەت و سامانێکی زۆریان کۆ کردووە و هەژارانیان چەوساندۆتەوە.

ئەگەرچی ئەم دوو چیرۆکە لە بنەمادا لە فولکلۆری کوردەواری بوونیان هەبووە، بەڵام میرزا ئەحمەدی داواشی بە شێوازی تایبەت بە خۆی ئەم چیرۆکەی گێڕاوەتەوە. تایبەتمەندیەکانی زمانی و ئەدەبی و فیکری داواشی بە جوانی لەم دوو چیرۆکەدا دەرکەوتوون. ئەلبەت دەبێ ئەوش لە بەرچاو بگرین کە نموونەکانی ئەم جۆر چیرۆکانە لە ئەدەبی نەتەوەکاندا زۆرن. بۆ نموونە لە ئەدەبی فارسیدا دەتوانین ئاماژە بکەینە چیرۆکەکانی "کلیله و دەمنه" و "مەرزەبانانامە"ی سەعدەدینی وەرایینی. لە ئەدەبی ئەوروپیشدا دەتوانین بە فابلەکانی ژان دۆلافۆنتن شاعیری فەڕانسەوی ئاماژە بکەین(ئەمجەدی ١٣٩٧:٢٩).

چیرۆکی "حەجی ڕێوی" گێڕانەوەی سەفەری حەجی ڕێوێەکی فێڵبازە کە خۆی دەگۆڕی و بە پۆشینی جلوبەرگی پیاوانی ئایینی و بە سوود وەرگرتن لە نێوی حەج و زیارەتی بەیتوڵڵا، باڵندە و پەلەوەرێکی زۆر لەگەڵ خۆیا دەبا. ڕێوی لەم سەفەرەیا بە سۆنە (سەرسەوز) دەڵێ، بەو دەلیلە کە سەوز پۆشیت و حەتمەن لە بنەمالەی ساداتی، بۆ ئەم سەفەرە دینیە پێویستە لەگەڵم بیت. بە حاجی لەقلەقیش دەڵێ بەو هۆکارە کە تۆ حاجی قەدیمیت و پێشتر سەفەری حەجت بە جێهێناوە، ببە بە ڕاهنەما و دەلیلی ڕێگەمان. کەڵەشێریش لەبەر ئەوەی کە بانگوێژی نوێژی بەیانانە، قانیع دەبێ کە وەکوو مامۆستایەکی ئایینی لەگەڵ ڕێویدا بڕوات. بە هاتنی کەڵەشێر، مریشک(مامر) و جووجەڵەیەکی زۆر لەگەڵیدا دەڕۆن و ئیدی ڕزق و ڕۆزی ڕێوی فراوان دەبێت.

یەک ڕۆ ڕۆبایێ لە ڕاو ڕەمیدە — زەرب و زۆر و زڵم، سەیادان دیدە

سەرد و گەرم و شۆر تەلخی چەشیدە — مەینەتان و مەیل ڕەقیب کەشیدە

کەفت و خەیاڵێ بەشارەت دەر بۆ — ئەغفاڵ کونەندە و غارەت گەر تەر بۆ

شەملە و مێزەرەی و سەر نیا کەج — چەبکەم چە نەکەم کەوتە ڕێگەی حەج

تا یاوا وە سەر سەراو و حەوزێ — دی وەتاک تەنیا، نیشتگە سەر سەوزێ

ڕێوی سەرسەوزی فەوری دی وەچاو — وتی السلام ساداتی سەراو

ئینشاڵڵا دوعای خێرم بۆ بکە — خەیاڵم کردگە بچم بۆ مەکە

(دیوانی داواشی، ل٧٦)

دوای ماوەیەک ڕێوی دەتوانێ بە فڕوفێڵ زۆر باڵندە و پەلەوەری‌تر لەگەڵ خۆیا کۆکاتەوە و هەر کەس بە بەهانەیەک لەگەڵ خۆیا هاوڕێکات. بۆ نموونە ڕێوی کاتێ دەگا بە کەوی شاخان، بە زمانێکی لووس و فریوکارانە پێی دەڵێت کە خوداوەند بۆیە کەوکێکی وەها جوان و فریشتەیەکی ئاوەها نوورینی بەم هەموو جوانی و سەوت و سەدا خۆشیەوە ناردووە کە بەشارەتی قەبوولی حەجی من بێت و بەم فێڵە کەو لەگەڵ خۆیا دەبات.

ڕێوی ڕەواڵا وات ئەی فریشتە — پەنجەی پا ڕەنگین خاڵ خوا ڕەشتە

خوا فریشتەی چوون توو نوورینێ — سەو ت و سەدا خوێش شێوە شیرینێ

له باخچەی بەهەشت وا تۆش ئاراستەن پەی حەج قەبووڵی منش کیاستەن

(هەمان سەرچاوە ، ل٧٦)

ڕێوی ڕاوباز هەموو ئەم پەلەوەرانە کۆدەکاتەوە و ڕێی سەفەری حەج دەگرنە بەر، بەڵام وەک دیارە مەبەستی سەرەکی ڕێوی، خواردنیانە، هەر بەم هۆیەوە دەست دەکا بە بەهانە گرتن و بۆ ئەوەی ئیرادەکانی شێوازی شەرعیان هەبێت، ڕوو دەکاتە سۆنەی سەر سەوز :

وتی وە سەر سەوز سەوزە مێزەرەت جە کام نەسەبی جە کۆن شەجەرەت

وتی سەیدم خەتەرم نییە وەلێ نازانم شەجەرم چییە

وتیان وە مەلا ئەم کارە چۆنە فەرمایش ڕێویە یا قەوڵ سۆنە

مەلا فتوای دا و قەول عەرەب لعنه الله داخل النسب

ڕێوی مەوڵەتی نەدا وەناقی وتی و لەق لەق بدەر شەلاقی

(هەمان سەرچاوە ، ل٨٦)

ڕێوی ڕاوباز بە چەند ڕۆژ دوای کوشتن و خواردنی سۆنە، برسیەتی زۆری بۆ دێنێ، ئەمجا ڕوو دەکاتە حاجی لەق لەق و بە بەهانەی ئیسراف و زیادەڕەوی لە ڕاوو و شکاری قوڕواق، ئەویش بەناوی دینەوە موحاکمە دەکات و دەیخوات.

خوڕی لە لەق لەق، حاجی بەرگەشتە! وتی چۆن ئێژی جێگەم بەهەشتە؟

حاجی کەی واسە ڕات و ڕووت ئەکەی پرسیگمە قورواق هەشت هەشت قووت ئەکەی

فرسەتی نەدا لەق لەقیشی هارد گۆشتی کردە ئاو پێشەی کردە ئارد

(هەمان سەرچاوە، ل ٨٦)

ڕێوی لەم سەفەرەدا بە بەهانە و بیانووی پووچەڵ بە ناوی دین و دیانەت هەر ڕۆژ بە کەسێکیان شەرێ دەفرۆشێ و لە ئاکامدا کەڵەشێر و جووجەڵەی بەستەزمان و مریشک و کەو هەر کام بە بیانویەکەوە دەکەونە بەر تێخی زوڵم و جەوری ڕێوی ڕاوباز. نموونەیەکیتر موحاکمەی کەوی لانسارە کە ڕێوی چۆن بیانووی لێدەگرێ و لەبەینیدەبا.

خەتاب کەرد وە کەو تۆ کەی فریشتەی پەنجەی پا و خوون ئیمامان ڕەشتەی

تۆ بەد عەشرەتی قەوم و برا گشت بانگ ئەکەی وە خوەت ئەیاندەی وە کوشت

مەلا فتوای دا وتی ئەر واسە شەخس بەد عەشرەت بۆ مردن خاسە

(هەمان سەرچاوە، ل ٨٦)

٥-ڕەخنەی سیاسی لە دیوانی مامۆستا داواشیدا

شایانی باسە ئەدەبی گۆرانی پێشتر زۆر ئاوڕی لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی نەدابوویەوە و کەشوهەوای شیعری کلاسیکی کوردی بەشی گۆرانی، زۆرتر کەشوهەوایەکی ڕۆمانتیک بوو، کە خۆی زۆر بە بابەتەکانی سیاسەت و کۆمەڵگاوە سەرقاڵ نەدەکرد، بەڵام میرزا ئەحمەدی داواشی لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە پرسە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای خستە بەر باس و لە بوارەکانی سیاسەت و ئایین و کۆمەڵگادا شیعری زۆری هۆنیەوە. هەر ئەم بابەتە بووەتە هۆکارێکی سەرەکی کە واتای نوێ لە ئەدەبی گۆرانیدا بخولقێ و ڕیسالەتێکی تازە بۆ شیعری دیالکتی گۆران بێتە ئاراوە. مامۆستا داواشی بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕوانگەیە هەل و مەرجێکی ڕەخساند کە خوێنەر بە وردبینی و تێفکرینێکی زۆرترەوە سەیری کۆمەڵگاو بارودۆخی ژیانی خۆی بکا.

دەتوانین بڵێین کە ڕەخنەگری لە دیوانی مامۆستا داواشیدا خۆی ببوو بە هۆکارێک بۆ بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی زۆرتری شیعری کوردی دیالکتی گۆران لە ناوچەی ڕوانسەر و جوانڕۆ بە تایبەت و دیکەی ناوچەکان بە شێوازێکی گشتی. ڕەخنەگریەکانی مامۆستا داواشی بە هیچ جۆرێک داواکاری تاکە کەسی خۆی تێدا نییە و ڕەخنە سیاسیەکانی بۆ بەرژەوەندی خەڵک و ڕزگارکردنیان لە خەم و پەژارەی ژیانی ئەو سەردەمە هۆنیوەتەوە.

٥-١.ڕەخنە لە هەر دوو حکوومەتی قاجار و پەهلەوی

مامۆستا داواشی لە پێشەکی شەرنامەی هەڵاڵە زەرد دەیەوێت نیشانبدات کە بەرپرسی سەرەکی دۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکی ئێران بە عام و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی هەموو لە ئەستۆی دەسەڵات

و حکوومەتی قاجاریەکانە و بەتایبەت لە ئەحمەد شای قاجار وەکوو دواین پاشای ئەو حکوومەتە یاد دەکات کە بەرپرسی سەرەکی ئەو دۆخە نالەبارەیە. مامۆستا داواشی لە هەمان شێعردا سەرکۆنەی حکوومەت و دەسەڵات و بەرپرسانی دەکات. یەکێک لە کارەساتە گەورەکانی سەردەمی ئەحمەد شای قاجار، ئەو قاتووقریە گەورە بوو کە لە کوردستانا بە قاتوقڕیەکەی خەمسە و مێرەوان، ناوبانگی دەرکرد و جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی کوردستانی لە ناوبرد. هۆکاری ئەمەش کە ئەم قاتەسالّیە بە نێوی قاتوقڕی خەمسە و مێرەوان، یادی لێدەکرێ ئەوە بوو کە خەڵکی ئەو ناوچە زووتر تووشی وشکەسالّی هاتن و لێیان قەوما و بەرەو ناوچەکانیتر ڕەویان کرد(مەحموودی، تەوفیق۱۸:۱۳۸۲). مامۆستا داواشی لەبارەی ئەم کارەساتە و هەروەها هەلومەرج و ژیانی ناخۆشی خەڵک لەسەردەمی قاجارکاندا دەڵێ :

تا ئەو وەخت دەوران شاه قەجەر بی — هەر ڕۆژێ ئەهات لەو ڕۆژ بەتەر بی

نە ڕۆژ وێنەی ڕۆژ، نە شەو وەک شەو بی — مەردم لە خەیاڵ خوەراک و خەو بی

مەردم مەوەردن چوون وەحشی عەڵەف — ڕای عیلّاج نەوی، وە سوود و سەڵەف

پدەر لوقمەی نان لەدەست خەڵەف — مەسەند و مەشیان هەردوو وە تەڵەف

گەنم بی وە سیر، نان بی وە مسقاڵ — خورماشان مەدا سەروەسەر وە گاڵ

پایەی زندەگی ئێران، خەلەل بی — ئێران چوون کەشتی دەریای خەتەر بی

(دیوان داواشی، ل ٥٦٨)

٥-٢.فێڵبازی و فریوکاری حکوومەتی پەهلەوی

مامۆستا داواشی دیسانەوە لە هۆنراوە مێژوویەکەی شەڕی هەڵاڵە زەرد، لە زمانی سەردار ڕەشیدەوە نامەیەک کە بە خەتی میرزا موحەمەد باقری مونشی بۆ سەرۆک عەشایەری ناوچە نووسراوە، دەخاتە ڕوو و پەردە لە زوڵم و ستەمی ڕەزا خانی لادەدات و ئاگایان دەکاتەوە کە ڕەزا خان بە فڕوفێڵ و دووبەرەکی خستنە نێوان هۆزەکان، بە هەر هۆزێک هۆزێکیتری لەناو بردووە و بە حوزنەوە سەرۆک عەشایەری ناوچە ئاگادار دەکاتەوە کە لەگەڵ ڕەزا شا و سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی دا، دژ بە من، واتە (سەردا ڕەشید) هاوپەیمان نەبن، چوون زاتی ئەم دەسەڵاتە وایە کە بە

تەفرەقە خستن و ئاژاوە نانەوە، جیاوازی ئەخاتە نێو هۆز و خێڵەکان و پاشان بە هەر هۆزێک، هۆزێکیتر تووشی شکست و لە بەین چوون دەکات.

مەزانووم بەی تەور جەهد و جەختشەن ڕەزا خان خەیاڵ تاج و تەختشەن

هان لەو فەراسەت ئاوات مەووزوون لە عەشایرات یەکێ نمازوون

بە فکر و تەدبیر سەردار ستوورک بە کورد فارسش گرد، بە فارس گەرتش تورک

بە (لەک) (لوڕ) لە بەین، بازهەم بە (لوڕ) (لەک) مەوەران لە بەین، ئێمەیچ یەک وەیەک

مەزانووم ئاخر ئێوە چۆن مەبوون گشت لە دمای من تەفروو تۆون مەبوون

وە شاڵ ماشتەی عەیاری جارێ هەریەک مەبەران وە حەبس شارێ.

(دیوان داواشی، ل ،٥٩٩، ٥٩٨)

٥-٣.ڕەخنە لە حوکمڕانی و کاربەدەستانی حکوومەتی پەهلەوی

ئەگەر میرزا ئەحمەدی داواشی لە شیعری (تەوبەی گورگ) و (حەجی ڕێوی) بۆ دەربڕینی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ئایینی لە زمانی ئیستیعارە کەڵکی وەردەگرت و ناڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە کۆمەڵگاو ڕێکخراوە ئایینیەکان دەگرت، لە شیعری (وە تەڵەی کەڵەک) ڕاستەوخۆ ڕەوشتی نادادپەروەری و پڕ لە فەسادی حکوومەتی پەهلەوی دووهەم دەخاتە بەر ڕەخنە و بە زمانێکی توند و تیژ ڕەخنەیان لێدەگرێ کە بۆچی حکوومەت و چارەنووسی خەڵکیان خستۆتە دەستی جەماعەتێکی نالەبار و ناڕاست کردار. تووڕەیی مامۆستا داواشی لەم شیعرەدا تا ئەو ڕادەیە کە بێ ترس و خۆف لە ئەشکەنجە و ئازاری دەسەڵاتی سەردەم، زۆر قسەی ناشیرین و نەشیاویان پێ دەڵێت و بە کەڵکوەرگرتن لە دەستەواژەکانی ناوچە بە زمانێکی زۆر عامیانە بەتوندی ڕووبەڕووی ڕەخنە و سەرزەنشتیان دەکاتەوە و کەسیان بە باش نازانی و بە زمانێکی پڕ لە ئازار و بێزاریەوە دەڵێ:

یەک جاری دەوڵەت وە تەڵەی کەڵەک میللەتی کردگە وە ڕێوی و دەڵەک

لە هەر کوێ دزو و دەخەڵێ بوێ چەڵماس و چەڵماخ، چپەڵێ بوێ

چەکوو چەکۆچن، چەقۆ کێشێکە پڕ ڕوو و ڕوودار، یەک ڕوو ڕەشێکە

قەدیم قرتگ و قوڕمساخێکە دین وە دینار دەر قەرە زاخێکە

یا قەوم فرۆشە، یا قازاخێکە مار نا هامار، یەک سوراخێکە

هەم لە کشوەری و هەم لە لەشکەری ئەیکەنە مەئموور بۆ ڕەنج بێوەری

ئەسڵ و فەرعیان نیە ناقزن ڕەفیق قافڵە وشەریک دزن

٦-ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە دیوانی مامۆستا داواشیدا

وردبوونەوە لەسەر پرسەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەتی ڕەخنە کۆمەڵایەتیەکان لە دیوانی مامۆستا داواشیدا کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دەخاتە ڕوو. دۆخی هەر کۆمەڵگا و وەزعی فیکری و کۆمەڵایەتی باو لە هەر سەردەمێکدا پەیوەندیەکی زۆر نزیک و کاریگەری لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی شاعیرانی ئەو سەردەمە هەیە. " شک لەوەدا نیە کە ئەزموونی ئەدەبی هەر شاعیرێک، لەژێر کاریگەری ئەزموونی کۆمەڵایەتی ئەو شاعیرە دایە. بە شێوازێکی عام بیر و باوەڕ و ئەندێشەکانی هەر سەردەمێک لە ژێر کاریگەری و تەئسیری گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی خۆیاندان." (زەرین کووب٤٢:١٣٨٦).

٦-١ .دۆخی نالەباری چینی چەوساوە و دێقان

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی شیعری میرزا ئەحمەد داواشی ئەوەیە کە ویژدانی ڕاستگۆی نەتەوەکەی خۆیە. وەک دەزانین مامۆستا میرزا ئەحمەدی داواشی لەگەڵ زۆربەی سەرۆک عەشایەر و خان و بەگەکانی ناوچە پێوەندی و تێکەڵاوی هەبووە، بەڵام هیچ کات زوڵم و ستەمی زۆرێک لە ئەوانی دەرحەق بە چینی دێقان و جووتیار و ڕەعیەتی چەوساوەی لە بیر نەکردووە و لە شیعری (بێچارە دێەقان)دا بە باشترین شێواز پەردە لەسەر ژیانی پڕ لە مەینەت و هەژاری و نەهامەتی چینی چەوساوە لادەبات. مامۆستا داواشی لە شیعری بێچارە دێقاندا بە باشترین شێواز، دۆخی نالەباری ئەو چینە هەژارەی لەگەل دۆخ و وەزعی مالک و ئاغەکان بەراورد کردووە و ژیانی چەرمەسەری و هەژاری ڕەعیەت و ژن و کوڕ و کچی ئەوانی لەگەڵ خان و بنەماڵەی خان بەراورد دەکات و بە هەمۆ خەمێکەوە دەڵێت :

بێچارەت دێقان بێ چارە دێقان بێجا نەهەر جا، بێ چارە دێقان

بێ جا و بێ مەکان، ئاوارە دێقان جەرگ و دڵ و وڵک سەد پارە دێقان

کوڕ تووە چوون زالوو عوریانەن دێقان سوختە وسیا و بریانەن دێقان

کوڕ تو لەبەر خوەر بێمایە دێقان　　کوڕ ئەو ملوێنەر لە سایە دێقان

مەدام کار ئەکەی وە برسی دێقان　　باز هەم ئەلەرزی و ئەترسی دێقان

مەبادا ئاغا، ئیرادی دێقان　　بگرێ و بەرپاکا فەسادێ دێقان

ئارەق و خوێنت مەخڵووتە دێقان　　بۆ ئاغە دانە و زومڕووتە دێقان

(دیوان داواشی، ل ۹۵)

مامۆستا داواشی وەکوو شاعیرێکی زۆر هەستیار، ناتوانێت خەم و پەژارە و ژیانی پڕ لە دەردی ژنانی سەردەمی خۆی نەبینێت. ئەو لە هەمان شێعری دێقاندا کە باسی خەم و پەژارەکانی چینی چەوساوە و داماو دەکات، ئاوڕێک دەداتەوە لە ژیانی پەڕ لە مەئیووسی و خەمباری ژنان و کچانی کوردەواری، کە یەکێک لە بەشبڕاوترین چینەکانی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە بوون. مامۆستا داواشی لە شیعری دێقاندا ژیانی ژن و کچە هەژارەکان بەراورد دەکا لەگەڵ کەیف و خۆشی ژیانی ژن و کچی ئاغا و مالک و زەمینداڕەکان. مامۆستا داواشی بە بەراورد کردنی ئەم دوو شێوازە ژیانە لە شیعری دێقاندا، توانیویە تا ڕادەیەکی زۆر، هەژاری و نەداری و ڕەشبەختی ژنانی سەردەمی خۆی وێنا بکا.

ژن تۆ بێ بەهرەس لە دنیا دێقان　　لچ و لێو ڕەش ڕەنگ سیاە دێقان

خانم ئاغە بەو فرمە دێقان　　هیچ قانع نییە وە ترمە دێقان

هەر ڕۆژێ مودێ ئەپۆشێ دێقان　　شەربەت و شەراو ئەنۆشێ دێقان

سفید و سیما چوون بلوور دێقان　　ئەهل ماتیکەو مانیکوڕ دێقان

ژن تۆ هەر خەریک سەنێرە دێقان　　ئەویش وە برسی کەی تێرە دێقان

کەنیشکت خوار و خەفیفە دێقان　　حەسرەتی و ناشاد زەعیفە دێقان

دەم وشک و لێوی، پڕبارە دێقان　　ڕووی پڕ تەم و غەم، غوبارە دێقان

وەلێ کەنیشک خان پڕ جەڵاس دێقان　　لەسەر تا وە پا هەر تەڵاس دێقان

(هەمان سەرچاوە، ل ٩٦)

مامۆستا داواشی له شیعری (زارع بێ هۆشین) دیسانەوە له ژیانی پڕ له نەهامەتی و گرفتی زارع و ڕەعیەت باس دەکا و دەڵێت:

زارع! بێ هۆشین، زارع! بێ هۆشین — زارعین! تاکەی مەست و بێ هۆشین؟

تاکەی جورعەی جام، خامۆشی نۆشین — تاکەی زوڵم و زۆر، زاڵم له دۆشین

زوڵم و زەڵاڵەت چەند ساڵ لەمەوبەر — باو و باپیرمان، بێرینە نەزەر

مەلاکین وەک گورگ، زارع وەوە مێش — هەر یەک له یەک لا، مەکێشا پەی وێش

کۆت و خەلیلی و زەولانە و زەنجیر — ئەو بگرە و بکوژ، تۆیڵا و دار و گیر

پیاو یان ئەڕمان وە سێ و چوار نەفەر — یەکێ بان پا، یەکێ بان سەر

ئەی وت دەربێرن لیباس له بەری — تۆیڵا حازرکەن بۆ گاهوسەری

تۆیڵا یا مازوو یا وەن یا بەڕوو — یا گوێژ چڵچڵ، یا تەرکێ تەڕوو

ئاگایان ئەکرد هەر کەس وەکارە — حالییان ئەکرد وەک خوێنە خوارە

وا بدا له پشت کوڵۆک و ڕانی — شیر تەڵفی مەزە، بدا له دانی

(هەمان سەرچاوە، ل ۹۸)

٦-٢.له زەمی پارە پەرەستی و تەماح

مامۆستا داواشی له شێعرێکدا لەژێر ناوی (حاجی بەتاڵە) سەر زەنشت و لۆمەی حاجی حەیدەر ناوێک دەکات که به پارە و بەرتیل ژنەکەی به سەواد و زانستێکی کەمەوە، دەبێ به مامۆستا و لۆمەی دەکات که پارەپەرستی چاوی زانینی لێ کوێر کردوویت و ئەقڵ و هۆشت نەماوە.ئەمجا ڕووی تێدەکا و دەڵێ پووڵپەرستی کارێکی کردووە که ژنەکەت بۆ دەوام بنێری بۆ قوتابخانەی شەوانە، ئەویش ژنێکی دوو گیان بەسەوادێکی کەمەوە. مامۆستا داواشی دەزانی ئەو حاجیە به بەرتیل و پارە ژنەکەی دامەزراندووە، بۆیە پێی دەڵێ که تۆ ئەگەرچی حاجیت بەڵام ڕووسیای دیوانی خودا و پەیغەمبەریت که ژنەکەت له بارودۆخێکی ئاوەهادا بۆ بەدەسهێنانی بڕێک پارە دەنێری بۆ مەکتەبخانە.

حاجی! بەتاڵە، حاجی! بەتاڵە　　وەو حەجە چیتە، حەجت بەتاڵە

فامت نەمەنیەو عەقڵت مەحاڵە　　ڕاسی بیت وە پەن ڕسوای سەد ساڵە

تو چیت وە مەککە، ماڵ خودا دیتە　　موسوڵمان نەویت، کافریش بیتە

تا نەچویت وە حەج، شەخسێ مەعقول بیت　　کەی ئەوەن دەروەن، مەنافع پوول بیت

شەخشێ چوود وە حەج، قورس بوود ئیمانی　　تو ئیمانت چی و دینیش لە بانی

خەرقەی شەرافەت کەنیتە لە وەر　　ڕوو سیەی دیوان، خوداو پەیغەمبەر...

حاجی داڕزیەی یە چو مەنیتە　　برج و برج پولێ ژنەت سەنیتە

لە ڕەنگ گەردیایتە نیلیەو بیتە　　دەست لە دین کیشای، پیلیەو بیتە

حاجی حەیدەر بیت، بیت وە حەیدەرەک　　لە پاڵدم دەرچیت، نەویت وە بەرە

ئەحمەد ئەر ڕەفتار حاجی گەل واسە　　تف لەسەر و مل ئەویانە خاسە

(دیوان داواشی، ل ١٥٢)

٦-٣.سەرکۆنەی دیاردەی قومار و قوماربازی

یەکێ لە دیاردە ناشیرینەکانی سەردەمی مامۆستا داواشی، قومار بووە. قومارکردن بە کارت، بۆ نموونە قوماری پووکەر Poker لە نێوان دەوڵەمەندەکانی سەردەمی مامۆستا داواشیدا باو بووە. داواشی لە شیعری (ئامۆژگاری بۆ یەک قوماربار) سەرزەنشی قوماربازێکی پیر و بە ساڵاچوو دەکا کە دوای حەفتا ساڵ تەمەن، شەوانە ماڵەومااڵ بە شوێن قومارادا دەگەڕێ و بە زمانێکی بڕەندە بە شێوازی هەزل ڕووی تێدەکا و دەڵێت:

قاپ قومارخانە! قاپ قومارخانە!　　قاوەخانەنیش! قاۆپ قومارخانە!

لۆقیای لۆقن، لۆق لە قنگ بڕیاگ　　قەدر خۆ نەزان، دۆڵ قنگ بریاگ

کۆنە داڕزیاگ، وەک کەمتار کەفتگ　　قاڕی قومار باز لە ماڵگەڵ خەفتگ

بەعد لە حەفتا ساڵ ئەمە حاڵتە هەرشەو بۆ قومار ماڵەو ماڵتە

بەسیە داڕزیە مەگەر منالّی بێ حەیا تاکەی حەفتا و پەنج ساڵی

پات ها لە گۆی گۆڕ، نزیکە بمری تازە تەماتە کلک و مل بگری

مەر بمری وەرنە هەر یە کارتە بۆ "پۆکەر" ، "ڕامی" شار وە شارتە

وێڵ و بەرەڵاو بێ سەر و دومی تا ڕۆژێ پەیدای، دوانزە ڕۆژ گومی

نە نوێژ نە ڕۆژگ نە تاعەتت هەس کەی لە دەس قومار ئیسراحەتت هەست

دز و درۆزن چەقەڵ و چەپەڵ خوێڕی و خەوالّوو، فاسق و دەغەڵ

وە زەڕە نییە نوور ئیمانت لە خۆت لەقترە، ئەهدو پەیمانت

بۆیی وە لانەی میکروب هەزار دەرد ناموس ئەفرۆشی بۆ قومار و گەرد

بێ قەوڵ و قەرار بێ ئیعتیباری تف لە دیارت هەتا دیاری

فریو دریاگی ڕازی و ناڕازی مردنت فەرزە لە قوماربازی

(دیوان داواشی، ل ١٤٩)

ئەنجامەکانی توێژینەوە

ئەگەرچی ناوەرۆکی سەرەکی دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی بریتیە لە مەدح و ستایشی پەروەردگار و پێغەمبەری ئیسلام، شیعری عاشقانەو غەرامی، شیعری تەعلیمی و ئامۆژگاری و مەرسیە و شینگێڕی، بەڵام بابەتی ئیعتراز و ڕەخنەگری لە دیوانی مامۆستا داواشیدا زۆر بەرچاوە و ئەم بابەتە نیشاندەدا کە مامۆستا داواشی سەبارەت بە پرسەکانی سەردەمی خۆی زۆر هەستیار بوە.

ئاوڕدانەوەی مامۆستا داواشی بە پرسە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا ببوەتە هۆکارێک کە شیعرەکانی ببن بە زمانی خەڵک و ئەوان ئێش و ئازار و ئاوات و خەمەکانی خۆیان لەو شیعرانەدا ببینن و شیعری کلاسیکی کوردی (دیالکتی

گۆران) بەم بۆنەوە لە پارێزگاکانی کرماشان و کوردستان بە گشتی و ناوچەکانی ڕوانسەر و جوانڕۆ و پاوە و هەورامان و سنجاوی و وەلەدبەیگی و ئەلایخانی بە تایبەت پەرە بستێنێ.

شێوازەکانی ڕەخنگری لە دیوانی داواشیدا بریتین لە: ڕەخنەگری ڕاستەوخۆ، ڕەخنەگری لە ڕێگای بەیانی ڕەمزی و ئیستعاری و هەروەها ڕەخنەگری لە ڕێگای گاڵتە و تەنزەوە.

مامۆستا داواشی لە ڕەخنە ئایینیەکانیدا بۆ دوور کەوتنەوە لە کێشەوگرفت و هەروەها کاریگەری زۆرتر لەسەر کۆمەڵگا، لە شێوازی ناڕاستەوخۆ و لە زمانی ئاژەڵ و باڵندەکانەوە گێڕانەوەی شیعری کردوە بەڵام لە هەمان کاتدا شیعرە سیاسیەکانیدا ڕاستەوخۆ و بە زمانێکی ڕۆشن ڕەخنە لە دەسەڵاتی سەردەم دەگرێت. دارشتنی ڕەخنە کۆمەڵایەتیەکان لە دیوانی داواشیدا بە زمانی تەنز و زۆر جاریش بە زمانی هەجو و هەزلەوە نزیک دەبێتەوە. مامۆستا لە شیعر کۆمەڵایەتیەکاندا زۆر دەستەواژەی فولکلوری ناوچەیی و قسەی نەستەقی بەکار هێناوە.

شیعری گورانی بە هۆی پەیوەندی زۆری مامۆستا داواشی لەگەڵ کۆمەڵگا، و هەروەها بەو هۆیە کە زۆر بابەت و پرسی پەیوەندیدار بە سیاسەت و ئایین و کۆمەڵگا لە دیوانەکەیدا هاتووە، جیا لە کەشوهەوای ڕۆمانتیکی پێشوو، زۆر بەرەو واقیعگەرایی و ڕئالیسم هەنگاوی هەڵگرتووە.

سەرەکیترین بابەتەکانی ڕەخنەگری لە دیوەانی داواشیدا بریتین لە ڕەخنەی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی .

هەر وەها لەم توێژینەوەدا دەرکەوت کە ڕەخنەگری مامۆستا داواشی تەنیا بە مەبەستی دەربڕینی هەست و باسکردن لە خەمەکانی تاکە کەسی خۆی نەگوتراوە بەڵکە بە مەبەستی ڕۆشنگەری و زانیاری بەخشی وچاکسازی کۆمەڵ و تاک هاتوەتە ئاراوە.

سەرچاوەکان

امجدی، محی الدین . الماسی، عطا.(۱۳۹۷). مجموعه مقالات بررسی و تحلیل آثار و اندیشه های میرزا احمد داواشی، انتشارات گلچین ادب، کرمانشاه.

امجدی، محی الدین.(۱۳۹۷). بررسی تطبیقی حکایت های تمثیلی (فابل) میرزا احمد داواشی و ژان دو لافونتن، مجموعه مقالات بررسی و تحلیل آثار و اندیشه های میرزا احمد داواشی، انتشارات گلچین ادب، کرمانشاه. صص۴۸-۲۹.

دهخدا، علی اکبر.(۱۳۲۵). لغت نامه دهخدا، انتشارات مجلس، تهران.

درستی، احمد.(۱۳۸۱). شعر سیاسی در دوره پهلوی دوم، انتشارات مرکز اسناد انقلاب اسلامی، تهران.

زرین کوب، عبدالحسین.(۱۳۸٦). نقد ادبی، چاپ هشتم، انتشارات امیر کبیر، تهران.

سلطانی، محمدعلی. (۱۳۸۴). حدیقه سلطانی(احوال و آثار شاعران برجسته کرد و کردی سرایان کرمانشاه از عهد تیموری تا عصر حاضر) تهران.

عالم،عبدالرحمن. یحیوی، حمید.(۱۳۸۸). فوکو اندیشمندی انتقادی. فصلنامه سیاست. مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی،دوره ۳۹،شماره۲، صص۲۷۱-۲۳۱.

غنیمی هلال، محمد .(۱۳۷۳). ادبیات تطبیقی، ترجمه سید مرتضی آیت الله زاده شیرازی، تهران،امیر کبیر.

مدرسی، فاطمه.(۱۳۹۰). فرهنگ توصیفی نقد و نظریه های ادبی، چاپ اول ،تهران انتشارات پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

مریم محمودی نوسر.(۱۳۹۵). بررسی شگردهای انتقادی در شعر پروین اعتصامی، ادبیات پارسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال ششم، شماره اول، صص۱۰۷-۸۱.

محمدی ،حسین.(۱۳۸۹). دیوانی میرزا ئه حمه دی داواشی، چاپ اول، تهران، نشر احسان.

محمودی،توفیق.(۱۳۸۲). دیوانی ئاوەز و ئەوین، تصحیح محمد صابر محمودی، انتشارات دزگای روشنبیری گوران، سنندج.

-مولوی، جلال الدین محمد.(۱۳۷۹). مثنوی معنوی.تصحیح محمد استعلامی، چاپ ششم،تهران،انتشارات سخن.

هاورز، آرنولد.(۱۳۵۵). ترجمه فیروز قربانلو، محدوده و گستره جامعه‌شناسی هنر و ادبیات، انتشارات توس. تهران.